کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:38 4-11-2007

**دەستوورومادەی 140 ... موحسین شوانی**

مەخموور

-------------

ملیۆنێك وهەشت سەدواژوو...
یەك ملیۆن وهەشت سەدهاوار...
ملیۆنێك هەشت سەدشەهید!
یەك ملیۆن و
هەشت سەد ئازار!
بووبەپەرتووکی عەبباسی
لەنێودیجلە سڕایەوە
ڕەنگ وباسی!
قودس ودڵی
ملیۆنێك وهەشت سەد ئێشك
ناوی گۆڕاو
بووبەبەنەشتەرگەری مێشك!!؟
سەربەخۆیی بووبەخەیاڵ!
کەشاعیریش خەیاڵەکان بەبائەدا
سەربەخۆیە وەکو قانیع،
ئەنجام
ئاکام
خۆگونجاندن
لەگەڵ واقیع.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.